# هەندێک بەردم بۆ بهێنە بۆئەوەی تاراتی پێبکەم، وئێسک وتەپاڵەم بۆ مەهێنە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گۆزەڵەیەک ئاوی هەڵگرتبوو بۆ دەستنوێژگرتنی وپێدوایستیەکانی، کاتێک شوێنی دەکەوت وهەڵیدەگرت، فەرمووی: «ئەوە کێیە؟» ووتی: من ئەبو هورەیرەم، فەرمووی: «هەندێک بەردم بۆ بهێنە بۆئەوەی تاراتی پێبکەم، وئێسک وتەپاڵەم بۆ مەهێنە». منیش هەندێک بەردم بۆی هێنا بە لێواری جلەکەم هەڵم دەگرت، ولە تەنیشتی دایانم نا، پاشان ڕۆیشتم هەتاوەکو تەواو بوو ولەگەڵیدا ڕێم کرد، ووتم: بۆچی ئێسک وتەپاڵەت بەکارنەهێنا؟ فەرمووی: «ئەوانە خواردنی جنۆکەکانن، وکۆمەڵێک لە جنۆکەکانی نوسەیبین هاتن بۆ لام، وچەندێک باش بوون، پرسیاریانم لێم کرد سەبارەت بە قوت وخواردنیان، بۆیە منیش داوام لە خوای گەورە کرد ئەگەر بە لای هەر ئێسکێک یان تەپاڵەیەک تێپەڕ ببن؛ خواردنیان لەسەر بدۆزنەوە».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەبی هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕێی دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گۆزەڵەیەک ئاوی هەڵگرتبوو بۆ دەستنوێژگرتنی وپێدوایستیەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە هەندێک بەردی بۆ بهێنێت بۆئەوەی خۆی پێ پاک بکاتەوە، وئێسک وتەپاڵەی (پاشەڕۆی ئاژەڵی) بۆ نەهێنێت، ئەبوهورەیرەش هەندێک بەردی بۆی هێنا بە لێواری جلەکەی هەڵی دەگرت، ولە تەنیشتی دایای نا، پاشان ڕۆیشت هەتاوەکو تەواو بوو، ئەبو هورەیرە پرسیاری لێیکرد: هۆکاری چی بوو ئێسک وپاشەڕۆی بەکارنەهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوانە خواردنی جنۆکەکانن، وکۆمەڵێک لە جنۆکەکانی نوسەیبین* هاتن بۆ لای. وبە چاکە وەسفیانی کرد، وپرسیاریان لێیکرد سەبارەت بە قوت وخواردنیان، ئەویش داوای لە خوای گەورە کرد ئەگەر بە لای هەر ئێسکێک یان پاشەڕۆیەکی ئاژەڵ تێپەڕ ببن؛ خواردنی لەسەر بدۆزنەوە، وئەمە تایبەتکراوە لە -صحيح مسلم- دا: (لكم كل عظم ذكر اسم الله عليه يقع في أيديكم أوفر ما يكون لحما، وكل بعرة علف لدوابكم) واتە: (بۆ ئێوەیە هەموو ئێسکێک دەستتان بکەوێت کە ناوی خودای لەسەر هێنرا بێت؛ گۆشتی لەسەر زیاتر دەبێت، وهەموو (پاشەڕۆیەکی ئاژەڵ -تەپاڵەیەک- خواردنە بۆ ئاژەڵەکانتان). *(نوسەیبین: شوێنێکی بەناوبانگە لە نێوان عێراق وشام

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10563

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee